# کەرکووکتان بە سەوزی فرۆشت

**ئەمجەد شاکەلی**

ئەمرۆ 31ی-12-2007 ە و دوا ڕۆژی وەجێهێنانی بەڵێنێکە، ئێوەی سەرانی کورد، چوار ساڵە گەلی کوردستانی پێ فریودەدەن و هەڵدەخەڵەتێنن.
12-31 تەواو بوو و ئەوەی دەتانگوت درۆ دەرچوو.
لە رووخانی ڕێژیمی (سەددام حوسەین)ەوە تا ئێستا، گاڵتە بە خەڵکی کوردستان دەکەن و پێیان ڕادەبوێرن. وەک کەسێک منداڵێک ژیر دەکاتەوە و دەیخەڵەتێنێ، ئێوەیش ئەم هەموو ساڵە بە کۆمەڵێک بەڵێنی درۆ و بریقەدار، خەڵکی کوردستانتان فریودا و هەڵخەڵەتاند.
کۆتایی ساڵی 2007 تان کردبووە دواکاتی ئەنجامدانی دەنگدان لە سەر کەرکووک، ساڵی 2007 وا گیانی بە خاک سپارد و کۆتاییهات. نەک هەر مرۆڤێکی خاوەن ئاوەز و گەورەساڵ، بەڵکە کەسێکی شێت و یەکێکی بێئاگا لە دنیا و منداڵێکی تازە دەست بە خوێندنگەکردوویش دەیتوانێ بزانێ، کە ئەوە تەنیا درۆیەکە و تەنیا هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە و هەرگیز ناکرێت. تا چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ئێوە هەر باسی ئەنجامدانی ئەو دەنگدانەتان دەکرد، ڕێک وەک ئەوەی "گورگانەشەوێ" بۆ زارۆکی نێو بێشکە بکەن. ئێوە بەو کارەتان تەنیا ئەو کڵاوەی دەیخەنە سەر خەڵکی کورد، گەورەترتان دەکردەوە.
ئێوە ئەودەمەی کەرکووکتان قودساند، هەر ئەودەمە فرۆشتتان، چونکە چاکتان دەزانی، کە قودس هەرگیز ناگەڕێتەوە سەر فلستین. ئێوەیش "کەرکووکی بووکی کوردایەتیتان، بۆچی گشت تاوانکارانی شەوتان کردە ژوورەکەیەوە و لە پشت دەرگاکانەوە ڕاوەستان و گوێتان هەڵخستبوو بۆ قیژە و هاواری کونکردنی پەردەی کچێنیی"[1]
ئێوە لە کاتی ڕزگاربوونی کەرکووکدا دیاری دەستتان و چەپکە گوڵی سەرکەوتنتان بۆ خەڵکی ستەمدیدەی کەرکووک"سەنعان قەساب"ی سیخوڕ و نەیاری کەرکووک و هەموو کوردستان بوو.
ئێوە لەبری دەستبەسەرداگرتنی کەرکووک و تەواوی گەرمیان و حەمرین و مووسڵ و دیالە و کووت و تەواوی باشووری کوردستان و چەسپاندنی سنوور و کارگێڕی و ئامادەکردنی خەڵک بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕەوشە نوێیە و پەخشکردنی هێزەکانتان لە تەواوی ئەو دەڤەرانە، کەوتنە تاڵان و دزی و چەپاو و ڕووتاندنەوەی کەرکووک و چۆڵکردنی کارگێڕی و دەسگاکانی لە هەموو کەلوپەل و ئامێر و کەرەستەیەکی بەکەڵک.
ئێوە وەدووی فایەل و کاغەز و ڕاپۆرتەکانی خۆتان، لە سیخوڕخانەکان و کارگێڕییەکانی ئاساییشی کەرکووکدا، کە پێوەندی زۆریکتانی بەو دەسگایانەوە دەسەلماند، دەگەڕان، بۆ ئەوەی لەنێویان بەرن و لە چاوی خەڵک دووریان بخەنەوە.
ئێوە خۆتان پشکی کوردتان لە کارگێڕی کەرکووکدا، ڕێک وەک پشکی تورکمان و عەرەب و فەلە، لێکرد و کوردتان کردە کەمینە.
ئێوە هەر خۆتان لە کاتێکدا باسی وەدەرنانی عەرەبی عەرەباندنتان دەکرد، عەرەبتان بۆ کەرکووک، بە پسوولەی خۆتان دەهێنانەوە.
ئێوە بەوەی باسی دەنگدان و ڕاپرسیتان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کەرکووک هێنایە گۆڕێ، گومانتان خستە سەر کوردستانیەتیی کەرکووک، دەنا کەرکووک هەرگیز جێی گومان نەبووە لەوەی، کە کوردستانە و

---

[1] موزەففەر ئەننەواب(مظفرالنواب) دەڵێ:"القدس عروس عروبتکم فلماذا أدخلتم کل جناة اللیل إلی حجرتها ووقفتم تسترقون السمع وراء الأبواب لصرخات فض بکارتها".

کەسیش دەنگدان و ڕاپرسی لە سەر ماڵی خۆی ناکات، مەگەر خودا لێی تێکدابێت و ئاوەزی لەدەستدابێت!
ئێوە خۆتان عەرەبی هەنارده و داگیرکارتان لە خەڵکی کوردستان، کرد بە عەرەبی ڕەسەن و عەرەبی هاوردە، دەنا هەموو خەڵکی کوردستان و بەتایبەتیش خەڵکی کەرکووک چاک دەزانن، کە هەموو عەرەبی ڕەسەنی کەرکووک لە سێ چوار هەزارێک تێناپەڕن و تەواوی ئەوانی دیکەیان، ناڕەسن و داگیرکار و هەناردەن و هەموو یەکێکیان لە ئاساییش و سیخوڕ و بەعسی و مرۆڤکوژ و داگیرکارێکی ئارەزوومەند و خۆبەخش، کەمتر نەبووە و کەمتری پێ نەسپێردراوە.
ئێوە وەک سەرۆکی هەرێم و حوکوومەت و کۆمار و پەرلەمان و زلەبەرپرسی کورد، ڕێگەی بەغداتان کردووەتە کەرەڕێ، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان پێتان نەخستووەتە نێو کەرکووک، خورماتوو، کفری، خانەقین، قزڕەبات، شارەبان، مەندەلی، بەدرە، زرباتییە، مووسڵ، شەنگال و تەنانەت مەخمووریش، تەنیا بۆ ئەوەی بیسەلمێنن، ئەوانە کوردستانن.
ئێوە وەک کوردستانی و کورد نەچوونە نێو کەرکووکەوە، بەڵکە وەک حیزب چوونێ.
ئێوە مێشکی زارۆک و ژنان و لاوانی کەرکووکیتان لە نێوان قوتابخانە و خوێندنگە و ژنان و ئافرەتان و خوێندکار و قوتابییاندا، دابەش کرد.
ئێوە هەموو کوردانی کەرکووکتان کەسکاند و زەرداند و ڕەنگتان کردن.
ئێوە پرد و شەقامتان، هەر بەرێکی ناوێکتان لێنا و هەر بەرێکی بە ڕەنگێک ڕەنگتان کرد.
ئێوە ناوی یەک گەڕەکتان لە ئەلبەعس(البعث) و ئەلعورووبە(العروبة) و ئەلقادسییە(القادسية) و ئەلواسیتی (الواسطي) و دەیان"ئەل"ی دیکەی عەرەباندنەوە نەگۆڕی و هەر گەلێک بوێرانە لە تەلەڤزیۆنەکانتانەوە و فرە بێشەرمانە و بێ ئەوەی لە وشەی بەعس بسڵەمێنەوە، بە دەنگی بڵند لە حەفتەیەکدا چەندین جار دەیڵێنەوە و گەلێک لە سەر زاریشتان خۆشە.
ئێوە یەک گوند، یەک شارۆچکەی جارانی سەر بە کەرکووکتان نەگەڕاندووەتەوە و نەخستووەتەوە سەر کەرکووک و بۆ خۆتان لەتلەتکردن و دابەشکردنی کەرکووکتان پتر چەسپاند و کردتانە ڕاستییەک.
ئێوە خۆتان میتی تورکیا و کۆنەبەعسی عیراق و سەدان جۆرە پیاوخراپ و دژەکوردتان هێنایە نێو کەرکووک و کردتاننە خاوەنی کەرکووک.
ئێوە بوون باسی برۆکسلاندنی کەرکووکتان هێنایە گۆڕێ، کە ئەنجامەکەی کردنی کەرکووکە بە هەرێمێکی سەربەخۆ و نەگەڕانەوەیەوەتی بۆ ئامێزی کوردستان.
ئێوە هەموو وڵاتە عەرەبەکانیشتان کردە خاوەنی کەرکووک.
ئێوە بوون دەتانگوت کەرکووک هێڵی سوورە و نابێ ببەزێنرێت، ئەی ئەوە نییە بەزێنرا! ئەوەتا کۆمەڵەی دەوڵەتە یەکگرتووەکانیشتان هێنایە نێوەوە، کە خواستی تەواوی دەوڵەتانی عەرەب و تورک و هەموو ناکوردانی جیهانە، وەک ئەوەی کۆمەڵەی دەوڵەتە یەکگرتووەکان کێشەی هەموو دنیای بنبڕ کردبێ!
ئێوە بوون دەتانەویست بە 'قانوون"، عەرەبی هاوردەی کەرکووک، کە بۆ خۆیان بە بێ قانوون و بە گۆترە نێردراونەتە کەرکووک، بەرەودواوە بگێڕنەوە.
ئێوە دڵتان بە بەندی 58 ی دەستوور خۆشبوو و کە کرا بە 140 پێتان وابوو سەرکەوتنتان وەدەستهێناوە.
ئێوە کۆمیتە لە دوای کۆمیتە و لێژنە لە دوای لێژنەتان دروست کرد، تەنیا بۆ چاوبەستنی خەڵکی کورد، دەنا کێ هەیە نەزانێت، کە لێژنە و کۆمیتە و قانوون و 58 و 140 و دەیانی دیکەی وەک ئەوانە، تەنێ بۆ پارەخواردن و خۆلەوەڕاندن و دزی و فزی خۆتان سازتان کردووە و هیچیان دەردی کەرکووک تیمار ناکەن!
ئێوە هەر ڕۆژەو کۆمیتەیەک و هەر ڕۆژەو لێژنەیەک و هەر ڕۆژەو دەستەیەکتان بۆ کەرکووک و باسی کەرکووک ساز دەکرد، تەنیا بۆ خۆڵ لەچاوکردنی خەڵکی کورد، دەنا کێ هەیە نەزانێت، کۆمیتە و لێژنە و دەستە، دەردی کەرکووک تیمار ناکات.

ئەگەر عیراقییەکان و تورکیا و وڵاتانی دەوروبەر، نۆرەیەکیان لە نەگەڕانەوەی کەرکووک بۆ باوەشی کوردستاندا هەبێت، ئێوە سەدان نۆرەتان هەبوو و هەیە و تەواوی بەرپرسیاریەتی ئەو کێشەیە لە ئەستۆی ئێوەدایە. ئێوەن کەرکووکتان فرۆشت و ئێوەن کەرکووکتان دۆڕاند.

ئێوە بۆ دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی 140، پشت بە پەرلەمانێک دەبەستن، کە پەرلەمانی ئەشهەدوبیللا و بە گرێیملداداان و پەرلەمانی بێ ئۆپۆزیسیۆن و پەرلەمانی دوو زلحیزبی دیکتاتۆر و سواری ملی خەڵک بووە، کە ناوی پەرلەمانی مردووانیشی لێ زیادە و پەرلەمانێکە ئەسڵەن نوێنەری خەڵکی کوردستان نییە، دەبێ بڕیارێکی وەها پەرلەمانێک چ ڕەوایەتی و شەرعییەتێکی هەبێت!

ئەگەر بڕیار بە دەست خەڵکی کوردستان و هەموو تاکێکی کورد بێت بۆ گێرانەوەی کەرکووک و دەڤەرە داگیرکراوەکانی دیکە، ئەوا تاکە یەک کەسیش ئامادەی دەستبەردان لەو مافە نییە و ئامادەی خۆبەختکردنیشە لە پێناویدا، ئێوە چ وەک حوکوومەت چ وەک پەرلەمان و چ وەک دەسەڵات، نوێنەرایەتی گەلی کوردستان ناکەن و هیچ شەرعییەتێکتان نییە، کێ مافی فرۆشتنی کەرکووکی پێ داون!

ئێوە تەنیان لەو بریارەتاندا و هەرگیز خەڵکی کورد، تاکە یەک کوردیشتان لەگەڵ نییە و بڕیارەکەشتان و تەواوی سازشکارییەکانیشتان لە سەر کەرکووک، دژ بە خواستی مرۆڤی کوردە!

وەرزێر و جۆتیاری هەژاری جارانی گەرمیان، هەموو کشتوکاڵ و دەغڵ و دانێکیان، لە سەر باران بوو. ئەگەر وشکەساڵ بووایە و باران نەبارییایە، ئەوا تووشی حەلوەلا دەبوون و قەرزوقۆڵەی دنیایان دەکرد بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان و منداڵ و خێزانیان، بەخێو بکەن و بژێنن. خۆ ئەگەر بارانەساڵیش بووایە و پەڵەیەکی خاسی بدایە و ساڵ هات بووایە، هەرچەندە بڕێک دڵخۆش دەبوون و چاوەڕوانی بەرهەمێکی بڕێک باش دەبوون و مەترسیی برسییەتییان لێ دەڕەوایەوە، لێ هەر لەگەڵ سەردەرهێنان و سەوزبوونی خەلەدا و پێش ئەوەی ببێت بە قەرسیل و بگاتە زرانی، بازرگانی چاوچنۆکی شار و حاجیاغا قۆڵبڕەکانیان دەهێنایە سەری و پێیان دەفرۆشتن. حاجیاغای قوڕمساغ و تەماحکار و بێویژدانیش، چەندی پێی کرابا، نرخی ئەو خەلەی دادەبەزاند و دادەشکاند. وەرزێری هەژاریش تەنیا بۆ ئەوەی بتوانێت قەرزەکانی پارساڵی حاجیاغا بداتەوە و هەندێکی دیکەیش قەرزکات، خەلەکەی هەرزانفرۆش دەکرد. ئیدی ئەو خەلەیە دەبووە هی حاجیاغا و کابرای وەرزێر تەنیا پاسەوانی پێ دەبڕا، بۆ ئەوەی لە بەرخەل و مێگەل، بیپارێزێت و بەوەش تەنیا نۆرەی داهۆڵی دەبینی و هیچی تر. بەو کردەی خەلەفرۆشتنەی وەرزێرە دەگوترا "بە سەوزی فرۆشتن". وەرزێر و جۆتکاری هەژاری گەرمیان، لە لاوازی و دەستنەڕۆیشتن و نەداری و هەژاری و ناچاریدا وەها کارێکیان دەکرد، خۆ ئەگەر دارا بووایەن، وەک هەندێ وەرزێری دەوڵەمەند، ئەوا هەرگیز خۆیان نەدەخستە بەر ڕەحمەتی بازرگان و حاجیاغای قرچۆکی شارنشین.

ئێوەی سەرانی باشووری کوردستان، کەرکووک و تەواوی دەڤەرە دابڕاوەکانی دیکەی باشووری کوردستانتان، لە ئەوپەڕی دەوڵەمەندی و دەستڕۆیشتن و دارایی و هێزتاندا و هەر بە سەوزی فرۆشت و وایشی نیشان دەدەن کە هەر دەتانەوێت!

2007-12-31